# خوای گەورە زامنی کردووە بۆ ئەو موجاهیدەی لە پێناو ئەو زاتە تێدەکۆشێت: ئەگەر ڕۆحی بکێشێت دەیخاتە بەهەشتەوە، یان دەگەڕێتەوە بە سەلامەتی لەگەڵ پاداشت یان دەستکەوت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە زامنی کردووە بۆ ئەو کەسەی کە لە پێناو خوای گەورە دەردەچێت، تەنها مەبەستی لەم دەرچوونە بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە وبە باوەڕ بە ئەو زاتە وباوەڕ بە پێغەمبەرانی ئەوا زامنە لەسەر خوای گەورە کە بیخاتە بەهەشتەوە، یان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنی نیشتەجێبوونەی کە لێوەی دەرچووە وئەوەی دەستی کەوتووە پێی دەبەخشرێت لە پاداشت یان دەستکەوت (غەنیمە)». لە گێڕانەوەی (مسلم)دا: «نمونەی ئەو موجاهیدەی کە لە پێناو خوای گەورە جیهاد دەکات وتێدەکۆشێت (وخودا زاناترە بە ئەوانەی لە پێناو ئەو جیهاد دەکەن وتێدەکۆشن) وەکو نمونەی ئەو کەسە وایە کە بەردەوام ڕۆژوو دەگرێـت وشەونوێژ دەکات، خوای گەورە زامنی کردووە بۆ ئەو موجاهیدەی لە پێناو ئەو زاتە تێدەکۆشێت: ئەگەر ڕۆحی بکێشێت دەیخاتە بەهەشتەوە، یان دەگەڕێتەوە بە سەلامەتی لەگەڵ پاداشت یان دەستکەوت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوران لەسەری بە هەموو ریوایەتەکانی]

ئەم فەرموودەیە باسی ئەوە دەکات هەرکەسێک دەربچێت بۆ جیهاد کردن لە پێناوی خوای گەورە بە دڵسۆزییەوە ئەوا زامنە لە لای خوای گەورە کە یەکێک لەم سێ شتە یان دووانیانی پێ ببەخشێت، ئەگەر بکوژرێت ئەوا زامنە لە لای خوای گەورە کە بیکاتە بەهەشتەوە وئەگەر مایەوە وگەڕایەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوا بە پاداشت یان دەستکەوت دەگەڕێتەوە، واتا لەوەیە دەستکەوت بە دەست نەهێنێت بەڵام پاداشتی بۆ دەنووسرێت یان لەوەیە پاداشت ودەستکەوت بەدەست بهێنێت. گێڕانەوەی دووەم باسی ئەوە دەکات کە فەزڵی جیهاد لە پێناو خوای گەورە کردەوەیەکە لە دەرەوەی توانای مرۆڤدایە: کە لە جیاتی ئەوەی دەربچێت بۆ جیهاد لە پێناو خوای گەورە؛ بچێتە نێو شوێنی ئەنجامدانی نوێژەوە وبەردەوام نوێژ بکات وڕۆژوو بگرێت بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: ((ناتوانن ئەمە ئەنجام بدەن)).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2957